# ئەی ژن .. تەڕتر لە باران بە گریان

بۆ غەمەکانی تۆ و هەموو ژنێك، پێشکەشە

حەمە کاکەڕەش،سوید

ئەی ژن
مانگ تر لە مانگ بە تریفە
ئەی ژن
ئەستێرەتر لە ئەستێرە بە ورشە
ئەی ژن
میهرەبانتر لە خۆر بە عشق
نەرمو شلتر لە ئاو بەخەیاڵ
سووتاوتر لەئاگر بە هاوار
ئەی ژن
تەڕتر لەباران بەگریان
کوژراوتر لە .با. بەناڵە

ئەی ژن
گوڵتر لە گوڵ بەڕەنگ و بۆن و ناسکی
دڵتر لە دڵ بە چرپە و خورپەی ژیان
ئەی ژن
لە پایز غەمگینتر  بەوەرین
لە بەهار ڕەنگینتر بە ئەوین
لەکۆتر ناسکتر بەجوانی
لەکانی ساکارتر بەڕوانین
ئەی ژن
لەدەرەوەی دەنگی تۆ
لەدەرەوەی ڕەنگی تۆ
لەدەرەوەی  هەناسەو... شەبەنگ و شەنگی تۆ
بەفرەکان ڕەش بوونەوە
نیشتیمان بە تاڵبوو لەعەشق و جوانی
کۆترەکان بیر لە ئاسمانێك دەکەنەوە لەژێر دەریا
دەریاکان خەون  بەخاکێکەوە دەبینن
لەو دیوو دڵی ئاسمانەوە
بولبووکان لە قەوانا دانیان بۆ ڕۆکراوە
پشیلەکان لەکەوڵی وەفایان بۆن بەگوڵەکانەوە دەکەن
ئەی ژن
باوکەکان لەتاریکیدا لافیتە بۆ مەرگی خۆر دەنوسن
ئەی ژن
بێهودەیە بێهودە  درەختەکانی نیشتیمان
دەکرێنە دارشەق و تابوت و کەپر بۆ پیاوە یەك لاقەکانی
زێرابی بەرد
ئەی ژن

عەبەسە  یەك خۆر شەپۆل دەدا
یەك  با  دەبارێ
یەك باران هەڵدەكا
هەزار باوک  هیچ خوایەك ناپەرستن
یەك خەونو خوێندنەوەیان هەیە بۆ ژیان
ئەی ژن
ئێمەی پیاو باخچەكانمان ژەهر ڕێژ كرد
ئینجانەكانمان فڕێدایە زبڵدانەكانەوە
گوڵەكان لەقەوان و پۆستاڵەكاندا ناڕوێن
بەناوی عەشقەوە لەگوناها ڕاكشاین
جێژوانەكانمان بوون بەسەنگەری شەڕ
سەنگەرەكانمان بەجێژوانی مردن
ئەی ژن
ئێمەی پیاو باڵی پەپولەكانمان وەراند
گەردەلوول والوولماندەدا
ڕووناكیمان ئەتككرد
تاریكی دەمانخواتەوە
دڵمان بەڕووی باراندا پێوەدا
بۆ گوڵێ دەچینەئاسمانا
ئەی ژن   بەهەڵە ژیاین
لەدەرگای هەموو ماڵێ ئەم سروودەمان نوسی....
شەڕ جوانترین باڵندەیە
خۆشترین دەنگی بەلاوەیە
گوێ لە چریكەی خوێن بگرن
جوانی هەر لەكەلاوەیە
خوێن ژیان دەنوسێتەوە
هەموو شتێ پیر بوو وەک خەونەكانی مناڵیتان
تەمەن درێژی بۆ شەڕە بیر لەئاشتی مەكەنەوە
چۆن ئەو ماسییە پیرانەی لە قوڵایی دەریاكانا
بیر لە هیچ ناكەنەوە
بیر لەژیان عەشق جوانی مەكەنەوە
لەدووربینی شەڕەوە جوانییەكانی بوون ببین
دەستان لەسەر دڵتان لابەن
بیخەنەسەر پەلەپیتكەی تفەنگەكان
ئەڵقەی عەشق وردو خاشكەن
یەكی ئەڵقەی ڕومانەیەک بكەن بەپەنجەی ڕوحەوە
وێنەگرتن بەچەكەوە جوانە
پیاسەكردن بەچەكەوە پیاوانەیە
ماچكردن بەچەكەوە خۆشە
مردن بەچەكەوە پیرۆزە
وێرانەی شەڕ ئاوەدانییە خەیاڵی ئاوەدانی عەشق مەكەن
مانگ و خۆرو ئەستێرەكان ئەكەین بەسەنگەری شەڕ
ئەی ژن
ئێمەی پیاو  ئەم سرودەمان خوێند
ئەی ژن  منیش وەك تۆ تاوانبارم.. كەئەڵێم
ئەڵێم بابەرزبونەوەی چینەكانی دەنگی پیاو
لە سەر بێدەنگی ژن نەبێ
بادرەوشانەوەی ڕەنگەكانی پیاو
لە سەر بێڕەنگی ژن نەبێ
ئەی ژن
بریندارتر لە مانگ بەتریفە
وێرانتر لە ئەستێرە بەورشە

پڕ هاوارتر لەخۆر بەتیشک
تەڕتر لەباران بەگریان
کوژراوتر لەبەفر بەکپی
ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژن ئەی ژیان
ئەی ژیان ئەی ژن
بمبەخشە تۆ پیرۆزی
تۆ گەورەی
بمبەخشە هیچم نییە بۆ وتن
بمبەخشە منیش وەك تۆ خەمبارم
هەراسانم بۆ هەڵوەرینەکانی ژن.